## شالاو: هۆنراوە بەبێ بوونی ئافرەت هیچ تام و بۆن و ڕەنگێکی نییە



شـــالاو یەکێکە لەو شـــاعیرانەی خاوەن کۆمەڵێك هۆنراوەی جوان و ناسکە کە زۆربەی هۆنراوەکانی لەلا یەن هونەرمەندان کراوەتە گۆرانی وەکو زەکەریا و چەندین هونەرمەندی تر، شـــالاو لەلێدوانێکدا بۆگولان باس لەســـەرچاوەی ئیلهامی هۆنراوە دەکات و دەڵێت «دەتوانم بڵێم شـــیعر بە خۆشەویســـتی دەنووســـرێ، شـــیعر دەبێ لە کانیاوی عەشق ســـەرچاوە بگرێ، ئیلهامی شیعر ناتوانێ لە شوێنێکی تر بێت ئەگەر لە بارەگای عەشق نەبێت ..عەشـــقی دایک ونیشتیمان، عەشقی خاک، عەشقی جوانی و پاکی مرۆڤەکان، شـــالاو ئاماژە بەوەش دەکات،کە هۆنراوە بەبێ ئافـــرەت هیچ تام و ڕەنگ و بۆنێکی نییە. لەبارەی ئەوەی بۆچی تێکســـتەکانی کەم دەکرێت بەگۆرانی شالاو هۆکارەکەی بۆئەوە دەگەڕێنێتـــەوە کە خۆی کەمتر ڕەزامەنـــدی دەدات بەو گۆرانیبێژانەی کە دیانـــەوێ بیکەن بـــە گۆرانی لە لایەک، لەلایەکی تریشـــەو دووری ئـــەو لە هونەرمەندەکان وای کردوە کە کەمتر تێکســـتەکانی بکرێت بەگۆرانی.

## دانیا : باوەڕم بە نوشتەو جادو کردن نییە



هونەرمەنـــد دانیا لـــە لێدوانێکدا بۆ گولان باس لـــەوە دەکات، کە ئەو زۆر حەز دەکات جلی کوردی بپۆشـــێت . دەشـــڵێت کە لەگەڵ کچەکەی زۆر هاوڕێن.

خانمە گۆرانیبێژ دانیا عەلی، کە چەندین ســـاڵە لەولاتی هۆڵەندا نیشـــتەجێیە ویەکـــەم گۆرانی بەناوی (چاپیـــدی –چاپیدی ) تۆمار کـــردووە لەلێدوانێکی بۆ(گولان ) ڕایگەیاند، کە زۆر حەز لەمکیـــاژ دەکات، بەڵام بەمەرجێك دەبێت جـــۆری مکیاژە کە لەگـــەڵ جلوبەرگ و بۆنەکان بگونجێـــت . دانیا دەڵێت» چونکە مکیاژیش بەپێی وەرز وکاتەکان دەکرێت ناکرێت هەمووکات مکیاژێکی زۆر بکەیت،هەروەها زۆریش حەز لەپۆشینی جلوبەگی کوردی دەکات . لە بارەی ئەوەی کە دڵی بەچ شتێك خۆش دەبێت دانیا دەڵێ «زۆر دڵم بەکچەکەم خۆش دەبێت زۆریش هاوڕێم لەگەڵـــی، هەروەها کاتێـــك بەرهەمێکی جوان ئەنجام دەدەم دڵم زۆر خـــۆش دەکات ئەو کات هەســـت دەکەم دڵی جەماوەرەکەی خۆم خۆش کـــردوە. دانیا ئاماژە بـــەوەش دەکات کە زۆر شت هەیە دەی گریێنێت وەکو وێنەی ناخۆش و شـــەڕ زۆر جاریش یادگارییـــە تاڵەکان . لەبارەی کارکردنی لەگـــەڵ کارو باری ناو مـــاڵ ئەو خانمە هونەرمەنـــدە دەڵێت» زۆر باشم لەگەڵ کاروباری ناوماڵ زۆریش حەز لەپاك و خاوێنی دەکەم . سەبارەت بەوەی تاچەنـــد باوەڕت بە نوشـــتەو جادوکردن نییـــە، دانیا وتی « هیـــچ باوەڕم بەم شـــتانە نییە، چونکە ئەمانە هەمووی خرافاتە و هیچی تر .

# مەلەک: زۆر دڵناسکم و ببینم کەسێک بگرێیت منیش دەگرێیم



**کچە هونەرمەند مەلەك رۆژهات لە ساڵی ١٩٩١ لە شاری (وان)ی باکووری کوردستان لەدایك بووە. ئێستاش ماوەی چەند ساڵە لە کوردستان دەژیت، مەلەك پێش ئەوەی ببێت بە گۆرانیبێژ مامۆستای قورئان بووە و وانەی دەوتەوە. هەروەها هەموو مانگی رەمەزانیش بەرۆژوو دەبێت و نوێژ دەکات.**

**لە تەمەنێکی منالییەوە دەستی بەکاری هونەری کرد سەرەتا لەگەڵ چەند گرووپێکی هونەری کاری کرد. دوایی بەرهەمێکی کرد "کە پێکهاتبوو لە دوانزە "تراك"، لەم دیمانەیەدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی مەلەك خان کرد، بەڵام پرسیارەکان ئەوەندەی تایبەتی بوون ئەوەندە هونەری نەبوون و مەبەستیشمان لەم جۆرە پرسیارانە ئەوە بووە کە خوێنەری کورد ئەوەندی شارەزای لایەنی دیکەی ژیانی مەلەك بێ وەك مرۆڤیکی ئاسایی نەك وەك هونەرمەندێك.**

***

***ئەو قسەیەی چییە کە زۆر حەزت لێیەتی بیڵێیتەوە؟**

- هەر قسەیەك دەکەم و دەڵێم «یا « ئەوهە دەکەم.

*** چی دەتگرینێت؟**

-کەسێکی زۆر دڵ ناسکم زۆر جار لەگەڵ فیلمەکانی تەلە فزیۆن دەگریم، ببینم کەسێك دەگریت منیش لەگەڵی دەگریم.

*** ئەی چی وات لێدەکات پێ بکەنیت؟**

- هەرشەڕێك ببینم لەپێشم پێدەکەنم

***مەلەك جگەرە دەکێشی؟**

- تائێستا هەر تامیشم نەکردوەو نایکێشم

***زیاتر حەزت لە دەنگی کام گۆرانی و گۆرانیبێژە؟**

-ناتوانم ناوی هیچ هونەرمەندێك بڵێم، چونکە زۆربەی گۆرانیبێژەکان هاوڕێمن

*** زیاتر حەزت لە کام شارە؟**

- هەموو شارەکانی کوردستانم خۆشدەوێت و حەز لە هەموو شوێنەکانی دەکەم بەتایبەت شاری هەولێر.

*** رقت لەکام تایبەتمەندی خۆتە؟**

-ئەگەر حەز لەشتێك نەکەم قەت ئەنجامی نادەم.

*** ئاواتت چییە لە ژیان؟**

-بەئازادی لە وڵاتی خۆم بژیم

***لە چی دەترسی؟**

- لەهیچ ناترسم تەنیا خودا نەبێت .لەداهاتووی ژیانی خۆشم دەترسم.

*** ئەو کەسەی کە تۆ پێتخۆش بووە یان پێتخۆشە لەلات بوویێت یان بێت کێیە؟**

- تەنیا دایکمە.

ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: رۆشنە عومەر



## لوقمان سەلیم:

# کۆپی کردن و نەبوونی سپۆنسەر گرفتی گەورەن لەبەردەم هونەرمەند

له کۆتایی هەشتاکانی سـەدەی رابردوو بۆ یەکەمجار هاتە نێو بواری گۆرانی وتن و سەرەڕای نەبوونی شوێنی و ئیمکانیاتی باش، بەڵام لە کار کردن بەردەوام بوو، لە سەرەتای نەوەدەکانەوە یەکەم مەقامی بڵاوکردوە کە بوو بەهۆی ناسرانی زیاتری بەجەماوەر، لەسـاڵی ١٩٩٦ لەگەڵ تیپی موزیکی شـنرۆی گۆرانی (شـەوانی بێ تۆیی) تۆمار کرد کە ئەمەش یەکەم گۆرانی تایبەتی خۆی بوو و تا ئێستاش لە هونەرەکەی بەردەوامە.

لوقمان سـەلیم لەم دیمانەیەدا بەم شـێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

***نوێکردنەوەی گۆرانییە کۆنەکان جۆرێك لە بێ بەهرەیی ناگەیەنێت؟**

ئەگــەر گۆرانیبێــژی ئەم ســەردەمە بتوانێت بەشێوەیەکی زۆر جوان ئەدای گۆرانییە کۆنەکان بــکات و لــە بەرهەمەکۆنەکە باشــتر بیڵێتەوە، یاخــود پێشــتر بەرهەمــە کۆنەکــە لەڕووی کوالێتی بــاش نەگوتراوە دەکرێت نوێ بکرێتەوە، بەڵام بەمەرجێك بەهەمان مۆســیقای کوردییەوە بێت لەڕووی ئەداوەش باش بێت، نەك شــێوازی میوزیکی بیانی لەگەڵ تێکەڵاو بکرێت، چونکە بەو مانایە من حەز ناکەم نوێ بکرێنەوە، پێویستە بەرهەمەکان بەشــێوازێك بڵێت کە خەڵك چێژی لێوەربگرێت نەوەك بەشێوازێك بێت کە خەڵك بچێت گوێ لەبەرهەمە کۆنەکە بگرێتەوە. خۆی هەموو هونەرمەندێك حــەز دەکات کاری تازەی هەبێت بەڵام هەروەك دەبینین ئەمڕۆ لەکوردستان مافی هونەرمەند پارێزراو نییە چونکە ئەو بەرهەمەی کە دەیخاتە بازار ناتوانێت ســوود لەداهاتەکەی وەربگرێت بەحوکمی ئــەو هەموو کۆپییەی کە لــە بەرهەمەکــەی دەکرێــت، هونەرمەند لێرەدا نەماییەی دیارە نەســەرماییەکی زۆریشی هەیە لــەم حاڵەتەدا هیچ ڕێگایەکــی دیکەی نییە . پێویستە هونەرمەند بەرهەمی تازەی هەبێت من ناڵێم هەموو ســاڵێك، با دوو ســێ ساڵ جارێك بتوانێت بەرهەمێکی جوان بخاتە بازارەوە، ئەمەش لەکاتێکدا زەمینە سازی بکرێت بۆ هونەرمەندەکە لەلایەنی ماددی و مەعنەوییەوە .من وەکو لوقمان ســەلیم بەدەر لەوەی کەخاوەن ستایلێکی خۆمم بەبێ لاســایی خۆم خۆمم دروستکردووە جاری واش لەزۆر ئاهەنگ و کۆنســێرتەکان گۆرانی گۆرانیبێژەکانــی تر دەڵێمەوە هەم بۆ چێژی ئەو خەڵکەی کە گوێم لێدەگرێت خۆشم زۆر جار حەز دەکەم ئەم گۆرانیانە بڵێمەوە .

*** ئایا کێشەی کۆپی کردن قورسترە یان نەبوونی سپۆنسەر بۆ بەرهەمی هونەرمەندان؟**

- هــەردوو گرفتەکە ئاســتەنگی زۆر گەورەن لەبــەردەم هونەرمەندا، دەتوانــم بڵێم هونەرمەند بەدەســت هەردووکیانەوە دەناڵێنێت، سپۆنسەرێك کە بتوانێــت بەرهەمەکەی لەئەســتۆ بگرێت و ئاســانکاری بۆ بکات، جار هەیە سپۆنسەرێکی باشــت هەیە بەرهەمەکەت بەشــێوەیەکی باش تۆمارکردووە، لێرە گرفتێکی دیکەت بۆ دروست دەبێت ئەویش کۆپی کردنە، کەواتە هونەرمەند لە هەردوو حاڵەتدا زەرەرمەندە، ئێمە زۆر جار داوامان بەرزکردۆتــەوە بۆ پەرلەمانی کوردســتان یاخود لەچەندین دانیشتنی هونەرمەندان لەگەڵ جەنابی ســەرۆکی هەرێمیش قســەمان کردووە سەبارەت بەوگرفت و ئاســتەنگانەی کەئەمڕۆ هونەرمەند بەدەســتییەوە دەناڵێنێ، بۆ ئەوەی ئێمەش هیچ نەبێت وەکو هونەرمەندانی دراوســێمان کاربکەین چونکە توانایی کارکردنمان هەیە.

*** ئایا پێویســتە هەموو هونەرمەندێك شارەزای مەقامات بێت؟**

- بەڵێ

***بۆچی؟**

-لەبەرئەوەی مەقــام دنیایەکــی زۆر تایبەتە، دەکرێت کەســێك لەگۆرانی وتن شارەزاییەکی باشی هەبێت، بەڵام نەتوانێت ئەدای بکات یاخود دەنگی شــیاو نەبێت بۆ مەقام وتن . زۆرجاریش هونەرمەنــد هەیــە دەنگــی باشــە دەتوانێت بەئەدایەکی باش مەقام بڵێت، بەڵام شــارەزایی نییە لەمەقام وتن. پێمباشە هەموو هونەرمەندەکان هەوڵبدەن زانیاری و شــارەزاییان لە مەقام وتندا هەبێت، بۆیــە هونەرمەندانی ڕابردوو بەپەنجەی دەســت دەژمێردرێن کە شــارەزاییەکی تەواویان هەبوو لەمەقام وتن وەکو (عەلی مەردان و تاهیر تۆفیق و محەمەد جەزا..تاد).

*** بۆخۆت لەگەڵ مەقام وتن چۆنی؟**

- هاوڕێیەکی زۆر نزیکــی مەقامم، جار هەیە مەقام وتن حــەزە، زۆر کەس هەیە حەز لەوتنی مەقام نــاکات یاخود ناتوانێت ئــەدای بکات. بۆخۆم زۆر حەز دەکەم لەدنیای مەقام کار بکەم، خۆشبەختانە ئەوەندە لەهەوادارنی خۆم گوێبیست دەبمــەوە لەوانەیە تاڕادەیەك توانیبینم لەو بوارەدا سەرکەوتنم بەدەست هێنابێ.

*** بیرت لەوە نەکردۆتەوە کەبەرهەمێکی تایبەت بەمەقام ئامادە بکەیت ؟**

- هــەروەك ئاماژم پێدا خــۆم زۆر حەز لەمەقام دەکــەم، ماوەیــەك بەر لە ئێســتا لەیــەك دوو ئاهەنگ لە سلێمانی بەدەر لەگۆرانییەکانی خۆم چەنــد مەقامێکم وت، لەهەفتــەی دواتر نازانم ســەنتەرەکان چۆن بەدەســتیان کەوتووە بەنیازن بڵاوی بکەنــەوە داوای ڕەزامەندیان لە من کرد بۆ ئــەوەی بڵاوبێتەوە، لەداهاتــووش هەوڵدەدەم بەرهەمێکی تایبەت بەمەقــام ئامادە بکەم لەو مەقامانەی کە گوێگر حەزیان لێدەکات چونکە کوردی ڕەسەنن.

*** بۆ هەڵســەنگاندنی هونەرمەند چ پێوەرێکت هەیە ؟**

-بەداخەوە تائێســتا لای ئێمە ئەو هەڵسەنگاندن و ئەو پێوەرە نییە، ڕێزم هەیە بۆ ئەو شــوێنانەی کە تائێســتا پێوەرێکیان دانابێت بۆ هونەرمەندی کورد، پێموایە تائێستا هیچی لە ئاستی پێویستدا نییــە، ئەمڕۆ ئەو هونەرمەنــدەی کە نزیك بێت لەدەسەڵاتەوە یاخود لەکەناڵێکی ئاسمانییەوە نزیك بێت، هەســت دەکــەی کە زیاتر ئەو هونەرمەندە لەپێشترە لە هونەرمەندەکانی تر ، لەبەر ئەوە من تائێســتا ئەو پێوەرەم نەبینیــوە پەندێکــی کــوردی هەیــە دەڵێت(خزمی ســەپانی شــێخە) ئەمە هەمووی بوونی هاوڕێیەتییەك هەبێت لەنێــوان هونەرمەندەکــە و شــوێنە گرنگەکان ئەوکاتــە بەرنامە بۆی دەکرێت یاخود بانگهێشــت دەکرێت لــە دەرەوەی وڵات بۆکوردســتان، لەوانەیە ئەو هونەرمەنــدەش لەو ئاستەشــدا نەبێت کە ئەوان کاری بــۆ دەکەن، بەڵام جەماوەر خۆی دەتوانێت بریار بــدات کام هونەرمەند باشــە یان خراپە و کارەکانی هەڵسەنگێنێت.

*** زۆر لــە هونەرمەندان گلەیی لــە وەزارەتی ڕۆشــنبیری و لاوان دەکــەن گوایــە لە جیاتی پێشخســتنی هونــەر کۆســپ و تەگــەرە بۆ هونەرمەندان دروست دەکات، رای تۆ چییە؟**

-نازانم بڵێم چی، چونکە حکومەتی هەرێم کابینەی گۆڕیوە تائێستا چەند وەزیرێك هاتووە لە وەزارەت کاری کردووە ئێمەی هونەرمەند تەمەننا دەکەین کە وەزارەتی ڕۆشــنبیری تایبەت بێت بەخزمەت کردنی هونەرمەندان و کارئاسانی بۆهونەرمەندان بــکات. ئەو ئاســتەنگانە هونەرمەندان باس لە بوونیــان دەکــەن منیش پێموایە کەئاســتەنگ هەبێت، لە دڵەوە تەمەننا دەکەین کەئاستەنگەکان نەمێنێت و بتوانن ئاسانکاری بۆهونەرمەند بکەن، ئەوەندە ئەمســەرو ئەوسەر بەهونەرمەند نەکرێت، کاتێك کارێکی بۆ بکەیت لەهەســت و شعوری بدەیت ئەو هونەرمەندە ئــەوکات چۆن دەتوانێت کارێکی باش ئەنجام بــدات. هیوادارم وەزارەتی ڕۆشــنبیری و لاوان بتوانێت هونەرمەندان ئاشت بکاتەوەو جیاوازی لەنێوان هونەرمەندان نەکات.

***چ بەرهەمێکی نوێت لەبەر دەستە؟**

-بەرهەمێکــم تۆمارکــردووە لەگــەڵ تیپــی مۆســیقایی ســلێمانی ئەو بەرهەمــە ئاواز و ئامادەکردنــی مامۆســتا(عادل حەمەکەریم) ە تێکســتەکانی هی (عەبدوڵڵا عەلی مەحمود)ە، لەئایندە کلیپ بۆیەکێك لەگۆرانییەکانم دەکەم و بڵاوی دەکەمەوە.





# وتنی حەیران زۆر سەختە

هونەرمەند شێروان بێرکۆتی ئێستا زیاتر بە هونەرمەندێکی حەیرانبێژ ناسراوە هەرچەندە سەرەتا بە گۆرانی دەستیپێکرد، بەڵام کە ڕووی لە لاوك و حەیران کرد و توانیی تێیدا سەرکەوتوو بێت، لەهەمانکاتدا چەند بەرهەمی کلیپ کراوە، شێروان بێرکۆتی لە پێوەندییەکدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باسی لە چەند لایەنێکی ژیانی ئێستای هونەری خۆی کرد.

سەرەتا شێروان بێرکۆتی گوتی: هەرچەندە من لەساڵی ١٩٨٦ دەستم بە گۆرانی وتن کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی لە دەرەوەی وڵات ژیان بەسەر دەبەم ئەو غەریبی و دوورییەم لە شار و وڵات و کەسوکارم وایان لێکردم لە ساڵی ١٩٩٩ روو لە حەیران وتن بکەم، بەڵام ئەوەی زیاتر هانیدام دەنگی خارە حەسەن سیساوەیی بوو.

دەربارەی ئەوەی بۆچی زیاتر دەنگی حەسەن سیساوەیی کاریگەری بەسەرییەوە هەبووە و هاندەرێکی سەرەکی بووە بێرکۆتی دەڵێ: نەخێر ناتوانم بڵێم تەنیا دەنگی هونەرمەند حەسەن سیساوەیی بووە، بەڵام دەنگی ئەو زیاتر کاریگەری بەسەر منەوە هەبوو، چونکە لاوك و حەیرانی ئەو زۆر غەریبە، بەڵام ئێستا دەتوانم بڵێم لە حەیران وتندا ڕێچکەی تایبەتی خۆم هەیە.

لە کۆتاییدا دەربارەی ئەوەی کە ئایا هەموو هونەرمەندێك دەتوانێت حەیران بڵێت، شێروانی بێرکۆتی وتی: نەخێر لەگەڵ ڕێزم بۆیان، بەڵام مەرج نییە هەموو هونەرمەندێك بتوانێت حەیران بڵێت، چونکە وتنی حەیران زۆر سەختە و زمانێکی تایبەتی خۆی هەیە.

## به هاوسەرێتی سەدام رازی نەبوو

دالیا ئەلبحێری خانمە ئەکتەری ناوداری میسری پێی وایە کە ئەو لە هەموو ئەکتەرانی دیکە جیاوازترە و بەهیچ شێوەیەك ناکەوێتە ململانێ لەگەڵ کەس سەبارەت بەو ڕۆڵانەی دەیبینی لە کارە هونەرییەکانیدا.

دالیا لە چاوپێکەوتنێکیدا ئەوەشی روونکردەوە کە بە هیچ شێوەیەك ئێرەیی بە کەس نابات ئەگەر ڕۆڵێکی باشی بینیبێ تەنیا ئەوە نەبێ حەز دەکا ئەویش لە دوارۆژا بە هەمام شێوە ڕۆڵەکە ببینێت، هەروها دالیا باسی لەوەش کرد بەدەستهێنانی نازناوی شاجوانی میسر هیچ کاریگەری بەسەر کەسایەتی خۆیەوە نەبووە و هیچ نەگۆڕاوە تەنیا ئەوە نەبێت جوانییەکەی متمانەیەکی زیاتر هێزی کار کردنی پێ بەخشی، لە بەشێکی دیکەی دیمانەکەیدا دالیا ئەوەی ئاشکرا کرد کەوا رازی نەبوو لە فیلمێکدا ڕۆڵی هاوسەری سەدام حوسێن ببینێت، چونکە رازی نییە کارەکە لە ڕوانگەیەکی ئەمریکییەوە بۆ ڕووداوەکان پێشکەش بکات.



## مەیس حەمدان بەسەر ڕۆلادا سەرکەوت

ئێستا هەر یەکە لە مەیس حەمدان و رۆلا سەعد بەشدارن لە دراما سوریەکانی مانگی رەمەزان بە دوو کاری کۆمیدی جیا دەکەن.

بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت زنجیرە درامای «صبایا٣» کە مەیس حەمدان تێیدا بەشدارە سەرکەوتنی زیاتری بەدەستهێناوە لەوەی کە رۆلا سەعد بەشداری تێدا کردووە ، هەرچەندە ریکلامێکی زیاتریشی بۆ کراوە، هۆکاری ئەم سەرکەوتنەی مەیسیش رەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە یەکەمجارە بەشداری لە دراماییەکی سوریدا دەکات، هەروەها شێواز و ئەدای مەیس لەم زنجیرەیەدا کە زۆر کۆمیدییە زیاتر سەرنجی جەماوەری بۆ زنجیرەکە راکێشاوە، ئەمە جگە لەوەی دوو بەشەکەی پێشووتری ئەمە زنجیرەیە سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنا بوو، هەرچەندە رەخنەیەکی زۆریش لەم زنجیرەیە گیراوە، هەروەها هۆکارێکی دیکەی سەرکەوتنی مەیس بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕۆتانا زنجیرەکەی بەرهەمهێناوە و ئەم کەناڵەش خاوەن جەماوەرێکی زۆرە و پێنج کچە ئەکتەر بەشداری تێدا دەکەن و بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە جوانی خۆیان دەبەستن.






# ڤیكتۆریا دەخرێت ژێر ریجیمێكی زۆر قورس

دوای ئەوەی منداڵی چوارەمی بوو، ئێستا ڤیكتۆریا بێكهام خراوەتە ژێر ریجێمێكی زۆر قورسەوە بۆ ئەوەی دووبارە كێشی راستەقینەی خۆی بگەڕێنێتەوە.

ئەم رێجێمە قورسەی ڤیكتۆریا پێكدێت لە پێنج ژەمی بچووكی خواردن لە رۆژێكدا و بە زۆریش پێكهاتووە لە ماسی ناو تەندور و سۆشی و ماسی تونەی بچووك لەگەڵ پرۆتین و سەوزە خواردنەوەی زۆرترین ئاو، ئەمە سەرەڕای ئەنجامدانی یارییە وەرزشییەكان بەشێوەیەكی بەردەوام، سەرچاوەیەكی نزیكیش لە ڤیكتۆریا رایگەیاند كە بڕیار وایە لە ماوەی ٨-١٥ی مانگی ئەیلوول هەفتەی مۆدەی نیۆیۆرك ساز بكرێت و ڤیكتۆریاش یەكێكە لە بەشداربووەكان بۆیە دەیەوێ بەشێوەیەك سروشتی دەربكەوێت، هەر بۆیە تەنیا دوای پێنج رۆژ لە منداڵبوونی دەستی بەو ریجێمە قورسە كردووە.



# كامیرۆن لە لۆپێز بێزارە

ئێستا هەر یەكە لە كامیرۆن دیاز و جنیڤەر لۆپێز خەریكی تۆمار كردنی دیمەنەكانی فیلمی (What to Expect When You>re Expecting)ن بەڵام پێدەچێت نێوانیان زۆر خۆش نەبێت.

هەرچەندە هەردووكیان رۆڵی سەرەكییان هەیە لە فیلمەكە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك رێك ناكەون و بەپێی سەرچاوە نزیكەكانیان پێوەندییان زۆر خۆش نییە تەنانەت لەكاتی وێنەگرتندا زۆر پێكەوە قسە ناكەن و كاتێكیش قسە دەكەین زیاتر وەك دەمەقاڵە دەچێت، توڕە بوون و هەڵچوونی پێوە دیارە، هەندێك لە راپۆرتەكانیش رایانگەیاند كە بوونی دایكی جنیڤەر وەی یاریدەدەر و پسپۆری مكیاژ و شارەزایەكی تایبەتی قژ لەگەڵ جنیڤەر كە قەرەباڵغییەكی زۆر لە شوێنی وێنەگرتن دروست دەكەن، هۆكاری سەرەكی توڕە بوونی كامیرۆنە.

سیرین عەبدول نور بۆ گولان:

# دایکایەتی خۆشترین و پیرۆزترین هەستە

دیمانە: ڤایان عەون



**هونەری مۆسیقا و گۆرانی گوتن، هەروەها هونەری دەرهێنان دوو بوارن کە هونەرمەند سیرین تێیاندا گەیشتۆتە لوتکە و ئەستێرەی هونەری لەم بوارەدا لە گەشانەوە دایە. باشترین بەڵگەش ئەو سەرکەوتنە گەورەیە بوو کە بەم دواییانە بەدەستی هێنا. بۆ زیاتر ناسینی سیرینی شۆخی هونەرمەند کە بە سیحری جوانی سەرنجی زۆربەی هاندەرەکانی راکێشاوە، لە بەیروت گۆڤاری گولان ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ئەنجامدا.**

**سەرەتا پیرۆزبایی لە دایکبوونی «تالیا»ت لێدەکەین؟**

- زۆر سوپاس

*** هەستی دایکایەتی خۆشترە یان سەرکەوتن لە هونەردا؟**

- نایشارمەوە هەر سەرکەوتنێك خۆشی و چێژێکی زۆرم پێ دەبەخشێ، بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە خەڵاتی گەورە لەسەر ئەو دەورانەی کە ئیشم لێ کردووە بەدەست دێنم. سەرکەوتنم لە فیلمی» رمضان مبروك أبو العلمین حمودە و (زنجیرەی الأدهم) وای لێکردم زیاتر هەست بە بەرپرسیارێتی بکەم بەرامبەر بە جەماوەرەکەم. راشکاوانە دەڵێم لە ناخەوە هەستم بەوە دەکرد کە هێشتا هەستی خۆشی و چێژ وەرگرتنم نەگەیشتۆتە ئاستی پێویست، پێموابوو پێویستم بە دڵێك هەیە کە سەرچاوەی سۆز و عەشق بێ بۆم، پیاوێك کە هەمان هەستی هەبێ بەرامبەرم، سوپاس بۆ خوا ون بووەکەی خۆمم دۆزیەوە. بۆیە ئەمرۆ هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکەم لەگەڵ فەریدی هاوسەرمدا،ناتوانم وەسفی ئەو خۆشییە بکەم کاتێ هەواڵی دوو گیانیم بیست، هەرچەندە هونەر هەستێکی خۆشم پێدەبەخشێ، بەڵام ئەوەی راستی بێت هەستی دایکایەتی خۆشترین هەستە لەسەر زەوی.

*** بۆ ناوت لە منداڵەکەت نا «تالیا»**

- من و هاوسەرەکەم لەسەر هەڵبژاردنی ئەو ناوە هاوڕا بووین، هەندێك کەس وایان دەزانی بەناوی یەکێك لەکچە هونەرمەندەکانە، بەڵام لە راستیدا وانییە هەر ناوی «تالیا»مان پێخۆش بوو، واتە «کچی گەنج»

*** نیازی ئەوەت نییە ئەلبومێکی تایبەت بە منداڵان دەربکەی، بەتایبەتی دوای ئەوەی بووی بە دایك؟**

- تا ئێستا بیرم لەوە نەکردۆتەوە، بەڵام ئەگەر پرۆژەیەکی تەواو هەبێ لەهەموو لایەنەکانەوەو بەرهەمە هونەرییەکانم زیاد بکات، من لەو جۆرە کەسانە نیم کە تەنیا لە پێناوی مانەوەم لە گۆڕەپانی هونەریدا کار بکەم،مانەوەم لەماڵەوە پێ باشترە نەك کارێك پێشکەش بکەم جێی سەرنجراکێشانی خەڵك نەبێ، یان کارێکی لاواز بێ.

*** بۆ «تالیا»چ گۆرانییەك دەڵێی تا خەوی لێ بکەوێ؟**

-گۆرانی دیاریکراو نییە،ئەو گۆرانیانەی بۆ دەڵێم کە لە بیرم ماون لەپەروەردە کردنی منداڵاندا، دیارە بەر لەوە ببمە دایکیش، پێشتریش گرنگیم بە پەروەردەکردنی «سابین»ی خوشکم داوە، لەبەر ئەوە هەموو گۆرانییەکان لە هزرمدا ماون «عەرەبی بێ یان بیانی یان کۆن و ئەوانەی نوێش»بەڵام گۆرانییەکی دیاریکراوم بۆ ئەمە نییە.

*** لە زنجیرەی «ادهم»دا سەرکێشییەکی زۆرت پێوەدیارە، تا چەند ئامادەی لە کارەکانتدا خۆت تووشی مەترسی بکەی؟**

- لە هیچ مەترسییەك سڵ ناکەمەوە، بەنسبەت سەرکێشییەکانی زنجیرەی (ادهم) زۆر قورس بوون و ماندووکەر بوون بەتایبەتی کە دەرهێنانەکە پچڕپچڕبوو لەنێوان ئۆکرانیاو میسردا، بەڵام بە کەشوهەوای دەرهێنانەکە دڵخۆش بووم.

*** باسی رۆڵی خۆت بکە لە فیلمی (المسافر) کە بڕیار وابوو لە هۆڵەکانی سینەما نمایش بکرێ؟**

- فیلمەکە چوار ساڵ لەمەوبەر، وێنەی گیراوە لە نووسین و دەرهێنانی ئەحمەد ماهیرە، لە پاڵەوانییەتی هەریەك لە هونەرمەندان (احمد الشریف و خالد النبوی ) تێیدا بەشدارن،لە فیلمەکەدا دوو دەور دەبینم، هەریەك لە: نورای بیانی و نادیا میسری کچی هەریەکیان لە سەردەمێکی جیاواز لەوی تر ژیاوە،دایك لەساڵانی چل و کچەکە لە حەفتاکان بوو، جیاوازییەکی زۆر لەنێوانیاندا هەیە، لە کەسایەتی و شێوەو دیالۆگدا، ئەو نیشان دانە لەنێوان هەردوو دەوردا گران بوو، بەڵام حەزم لێبوو، لە هەمان کاتدا تام و چێژێکی تایبەتی



هەبوو، فیلمێکی زۆر جوان بوو، هەربۆیەش بەشداریمان پێ کرد لەچەندین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی وەك پێشبڕکێی رەسمی لە فیستیڤاڵی ڤینیسیای سینەمایی نێودەوڵەتی و لەندەن و بەلجیکاو ریبات و ئەسکەندەریەو ئەبوزەبی و ئەڵمانیا و چەندین وڵاتی دیکە.

*** لە بەشێك لە فیلمەکەدا لەگەڵ هونەرمەندی جیهانی عومەرئەلشریف دا دەبیندرێی؟**

-ئەوە پاڵەوانییەتی بەشی سێیەمە، منیش لەم بەشەدا دەرناکەوم، لە فیلمەکە تەنیا یەك دیمەن هەیە کە پێکەوە کۆمان دەکاتەوە کە وێنەمان گرتووە لەدوو رۆژی جیاواز و چاوپێکەوتنمان لە ڤینیسیا بوو، لە ئاست ئەودا هەستم بەترسێکی زۆر دەکرد، بەڵام هونەرمەندی جیهانی عومەرئەلشریف، ئەو ترسەی لام نەهێشت هەر لەیەکەم دیداردا هەندێك ئامۆژگاری کردم، وەك هەوڵدان گرنگترین شتە لە ژیانی هونەرمەند و سەرەکیترین هۆکارە بۆ سەرکەوتنی هونەرمەند.

***حەز دەکەی وەك هونەرمەندی گۆرانیبێژ یان ئەکتەری سینەمایی بانگت بکەن؟**

- حەز دەکەم پێم بڵێن سیرین عەبدولنور هونەرمەندی هەموو بوارەکانە.

*** دوای ئەوەی لە ئەلبومی یەکەمتدا سەرکەوتنی بەرچاوت بەدەستهێنا، بۆچی لەپێشکەشکردنی دووەم ئەلبومتدا »علیك عیونی« لە ئاوازی رۆمانسی دوور کەوتیەوە و زیاتر گۆرانی ئیقاعیت پێشکەش دەکرد؟**

- نا من لە رۆمانسییەت دوور نەکەوتمەوە؟ لەگەڵ ئەو رایەدا نیم، بەڵام پێویست بوو گۆڕانکاری، لە گۆرانییەکاندا بکەم، هەردوو لایەنی رۆمانسی و ئیقاعی لەخۆم نزیك کەمەوە.

*** ئیرەیی بەسەرکەوتنی هونەرمەندانی دیکە دەبەی ؟**

- بڕوایەکی زۆرم بەخۆم هەیە و ئیرەییش نابەم بە هیچ هونەرمەندێك، چونکە هەر کەسێك رێچکەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە و هیوای سەرکەوتنیش بۆ هەموویان دەخوازم.

*** هیچ کاتێك هەستت بە ماندووبوونێکی زۆر کردووە و کە وات لێبکات واز لە هونەر بێنی؟**

- هەموو کەسێك لەهەندێك کاتدا هەست بەماندووبون دەکات و پێویستی بە حەسانەوە دەبێ و دوور دەکەوێتەوە، لەهەموو شتانەی کە بێزاری دەکا و کۆسپن لەسەر رێگای ژیانی، بەڵام خوا هێزم دەداتێ و بۆ لادانی کۆسپەکانی رێگاو دەحەسێمەوە و هانم دەدا بۆ تێکۆشان و مانەوەم لە مەیدانەکەدا.

*** پێتوانییە وەرگرتنی خەڵات پلەی هونەرمەند بەهێز بکات؟**

-نەخێر تەنیا نیشانەیەکە بۆ بەردەوام بوونی هونەرمەند لەرێگای خۆی، بەرای من گرنگتر رای رەخنەگران و هاندەرانە لەسەر ئەو دەورەی پێشکەشی دەکەم.

*** هونەرمەندانی رەگەزی مێ، زۆربەیان تەمەنی راستەقینەی خۆیان دەشارنەوە، دەڵێن زوو هاتنە ناو جیهانی هونەرییەوە، بەردەوام وانیشان دەدەن لەژێر تەمەنی سیساڵی دان، تۆش وا بیردەکەیەوە؟**

- هەر کەسێك شێوازی خۆی هەیە، نایشارمەوە دەترسم لە گەورەبوونی تەمەنم، بەڵام هەر ساڵێك دەڕوات زیاترم فێر دەکات، لەژیانم لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵم نەداوە بیشارمەوە.

*** ئەو پەندە چییە کە لە ژیانتدا پەیڕەوی دەکەی؟**

- چ بچێنی ئەوە دەدوریتەوە.

*** پێوەندیت لەگەڵ گەلی کورد چۆنە؟**

راستی پێوەندی راستەوخۆم لەگەڵیان نەبووە، بەڵام گوێم لێ بووە کە میللەتێکی باش و بێگەردن، سوپاسیان دەکەم بۆ بەدواداچوونی هەواڵ و ئیشەکانم، داوای خێرو بەرەو پێش چوونیان بۆ دەکەم.

***پرۆژەی داهاتووت چییە؟**

-چەندین گرتەی سینەمایی و گۆرانیم هەیە، بەڵام بە جیددی دوای تێپەڕبوونی ماوەی دایکایەتیم، سەیری دەکەمەوە.